**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمارە : ٥٧٩٤ لە ٢٠١٢/١٠/١٦**

## بەیان

پشت بەحوکمی مادده (٨) ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای بلاّوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) و لەبەر ئەوەی هەڵەیەکی ماددی لە ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ (یاسای هەموارکردنی یاسای پیادەکردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەلاّیەتی کرێکاران) ژمارە (٣٩)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق ڕوویداوە .

هەڵەکەش بەم شێوەیە :

- هەردوو ماددەی (یازدەم و دوازدەم) وەك بەشێکی تەواوکراو بۆ یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی (١٩٧١) جێبەجێ دەکرێت و لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا کاری پێدەکرێت .

بۆیە بە پێویست زانرا بەم شێوەیە ڕاست بکرێتەوە :

- هەردوو ماددەی (نۆیەم و دەیەم ) وەك بەشێکی تەواوکراو بۆ یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی (١٩٧١) جێبەجێ دەکرێت و لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا کاری پێدەکرێت .

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عێراق**